# وانەکانی عیشق







١-٢-٣




عیشق، وارسکەی جینسی (غەریزەی جینسی) ، سێکسواڵیتە، ئەویندارى بابەتگەلێکن کە کۆمەڵگا نەریتى‌یەکان و بە تایبەت – کۆمەڵگا ئاییزى‌یەکان خۆیان لێ دزیوەتەوە و بە بیرو کردەوەیەکی دژە نۆرم و غەیرە ئەخلاقیان داناوە، واتە کردوویانەتە دێوەزمەیەك کە زۆر خودسانسۆڕانە و بە پارێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئەم مەسەلەیە یەکێك لە قەیرانە گرینگە کۆمەڵایەتى‌یەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان و بە تایبەت کۆمەڵگا ئاییزى‌یەکانە. گرینگی ئەو بابەتە لەوە دایە کە کاردانەوەی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا روون وئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە، کە وابوو دەبێ بخرێتە مەیدانی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ورد و زانستیانەوە.

مرۆڤ لێی کۆڵیوەتەوە لە ماناو مەفهومی عشق و وارسکەی جنسی و لە ڕون کردنەوەی نەهێنى‌یەکانیدا بێ وچان تێکۆشاوە، ئەو گرینگیە لە نێوان کوڕ و کچ، ژن و پیاو دا مێژویەکی بە قەد مێژوویی مرۆڤایەتی هەیە، واتە لە کۆنەوە مرۆڤ لە تەك ژیانی نەخوازراوی خۆیدا کە ئەم بابەتەشی بەشێك بوە لە بەربەرەکانێدا و هەوڵی داوە تەنانەت بە زۆریش بێ داخوازى‌یەکانی عیشق، وارسکەی جنسی و سێکسواڵیتە بینێتە دی.

پێش چوونە نێو باسەکە بوونی چەند پرسیار گرینگە، بە راستی

عیشق، وارسکەی جنسی و سێکسواڵیتە چییە؟ لە کۆمەڵگای ئێمە دا چۆن سەیر دەکرێ؟ رێگا چارەی روبەڕو بوونەوە چۆن بێ؟ نابێ بزانین مرۆڤ لە دەورانی مێر منداڵی و لاویەتیدا چ شت گەلێك سەبارەت بە لەشی خۆی بزانێ؟ ئێمە لەو دەوران و قۆناغانەدا چ شتێکمان دەبوا سەبارەت بە کێشە جنسیەکان بزانیبایە ؟

پێویستە بزانین کە هۆکارەکانی چین و کەم زانینی ئێمە سەبارەت بەم کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتی یە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئیستا کە زانیومانە ئەم کێشەیە وەکو شیرپەنجەیەك چینی لاوی ئێمەی تووشی قەیرانێکی قوول و کۆمەڵگاکەمانی تووشی سەر لێشێواوی کردووە چ میکانیزم و رێگا چارەیەکی بۆ پەیڕەو بکەین؟

گرفتی کۆمەڵگای ئێمە لەوە دایە تا ئێستا هیچ بایەخێکی ئەوتۆ بەم بابەتە نەدراوە،ئەوە لە حاڵێك دایە کە "زیگمۆند فرۆید"بیرمەندی ئەم وتارە ئێژێ:( ٧٠ لەسەدی گرفتی کۆمەڵگاکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چارەسەری کێشەی جینسی و قەیرانی رەگەزیی قۆناغی منداڵی و لاویەتی ، واتە کە رەگ و ریشەی ئەم قەیرانە لە منداڵیدا رەچاو دەکاو بە پێویستیش دەزانێ لەم قۆناغەدا چارە سەر بکرێن) .لیرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بە چ شێوازێك چارەسەر دەکرێ؟ وڵام دانەوەی هێندە سانا نیە بەڵام بە سەرنج دان بە روانگەی زانایانی ئەم بوارە بۆ وێنە روانگەی دکتۆر عەلی مەحەمەدی ئیزەدی "دەروونناسی کۆمەڵایەتی" لە کتێبی "تحلیل شخصیتی اخلاقی ایرانیان" ئاماژە بەوە دەکا کە لە تەمەنی ٥ ساڵیەوە تا تەمەنی ١٨ ساڵی تەمەنی پێك هاتنی کەسایەتی هەر مرۆڤێکە واتە لەبارترین قۆناغە بۆ دانانی بناغەی کەسایەتی مرۆڤەکان هەر بۆیە لەم قۆناغەدا لە کۆمەڵگای ئێمە هیچ سەرنجێك بە لایەنی وارسکەی جنسی لە پەروەردەکردنی مرۆڤەکاندا نەدراوە کە کەسایەتی مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمە کەم و کوڕی کەسایەتی مرۆڤێکی پێوە دیارە واتە نوقسانی کەسایەتی هەر لە نوقسانی میکانیزمی پەروەدەکردنماندایە".

ناوبراو بە پێویست دەزانێ کە بە پرسیارگەلی نا ئاگاهانەی منداڵان، وڵامی گونجاو و لۆژێکی بدرێتەوە، زانیاری نا راست و پێچەوانەیان دەر خوارد نەدرێ تا توشی چەند رەهەندی کەسایەتی نەبن، کۆسپ و تەگەرەی ناعەقڵانە نەخرێتە بەردەم لاوان لە کۆمەڵدا وجیاوازی رەگەز نەبێتە هۆی دابڕانی دوو رەگەز لە یەکتر، و جیاوازییە خورافی ونا ئۆسوولییەکان بسڕێنەوە. وارسکەی جنسی لە نەفسی هەموو گیانلەبەراندا هەیە، بە بڕوای بەشێ لە بیرمەندانی ئەم بوارە لە مرۆڤ دا منداڵ هەر لە کاتی بە دنیا هاتنی دا

ئەم وارسکەیە تێکەڵ بە ژیانی دەبێ واتە هەر لێرەدایە کە ئیسلامیش تووشی هەڵە بووە و قۆناغی ۹ساڵی بۆ کچان و ۱۵ ساڵی بۆ پێگەیشتنی کوڕان داناوە، واتە بە پێی روانگەی ئیسلام کوڕ و کچ لەم تەمەنە دا توانای پێك هێنانی ژیانی هاوبەشیان هەیەو لە بواری جنسی شیەوە پێگەیشتوون، لەو هۆکارانە کە ئیسلام چۆن و بە پێ چ لۆژێك و ئوسووڵ و پێوانەیەك ئەو تەمەنانەی دیاری کردووە بێ ئاگاین، بەڵام بە پێی هەموو فاکتێك سەلمێندراوە کە کچێکی ۹ ساڵە ئامادەگی نزیکایەتی جنسی نیە بەڵام دەتوانین بێژین وارسکەی جنسی لەم تەمەنانەدا کەم کەم لە حاڵی پێك هاتن دا یە کە هێماکانیشی لە پرسیارەکانی منداڵان دا دەردەکەوێ کە دەبێ زۆر بە وریایی‌یەوە وەڵام بدرێنەوە، تا پێچەوانەی نۆرمەکان نەبنە قوربانی قەیران و هەڵدێر.

عیشق و خۆشەویستی زاتێکی (پارادۆکسیکاڵ)ی هەیە، واتە بەشێکی زۆری خۆشەویستی‌یە پتەوەکان پاش بە یەك گەیشتن دەبنە بوغزو کینە و لە ئاکامدا تەڵاق و جودایی دەکەوێتە نێوانیان، بەڵام ئەوانەی لە سەر پێوانە گەلی لۆژێکی و عەقڵانی ژیانی هاو بەشیان پێك هێناوە بەختەوەرانە تەمەنێك پێکەوە ژیاون .عیشق و خۆشەویستی شێوازی جۆراو جۆری هەیە، بەڵام بە رای دەروونناسان لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا تەنیا لە شێوازی "عشق القائی" واتە دیتنێکی فیزیکی تێکەڵ بە هەستێکی رواڵەتی لە نێوان دوو ڕەگەز دایە کە ئەوەش بە کەم بوونەوەی سیگناڵە عاتیفییەکان و بە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی جنسی و وارسکەی جنسی خۆشەویستی ئیدی مانای پێشووی خۆی نامێنێ. لاوان بە هۆی هەڵ و مەرجی دەورانیپێگەیشتنەوە پێویستیان بە سەرنج راکێشان و خۆشویستن هەیە بۆیە بایەخێکی تایبەت بە عیشق و عاتیفە لەو قۆناغەدا دەدرێ و هەر بۆیە کچان پێیان خۆشە روح و جسمی خۆیان لە پەیوەندی‌یەکی قووڵی عاتیفی و خۆشەویستی دا پێشکەشی خۆشەویستەکەیان بکەن.

دوکتور مستەفا ئەقلیما خەسارناسی کۆمەڵایەتی دەڵێت:( ئەوانەی عاشقن بۆ گەیشتن بە یەکتر چاو پۆشی‌یەکی زۆر لە کەم و کوڕی‌یەکانی یەکتر دەکەن بەڵام ئەوانەی عیشق کاریگەری کەمتری کردۆتە سەریان لۆژیکیانەتر و ئاواڵاتر دەڕواننە رەهەندەکانی ژانی هاوبەشی و هەموو کون و قوژبنەکانی لێك دەدەنەوە)، بە پێی سەر ژمێری ٤٠ لە سەدی ئەوانەی کە لەسەر ئەساسی عیشق ژیانی هاوبەشی پێکەوە دەنێن لە ساڵەکانی سەرەتای ژیاندا لێك جودا دەبنەوە بەڵام لە نێوان ئەوانەدا کە عیشق کاری لە سەر نەکردون ئەو ڕێژەیە ۱۰ لە سەدە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە ۹۰ لە سەدی لاوانی ۱۸ تا ۲٤ ساڵ پێیان خۆشە بە عیشق ژیانی هاوبەش پێك



بێنن بەڵام بە چوونە سەری ئەو تەمەنە و گەیشتن بە ئاگاهی زۆرتر کاریگەری عیشق لەو پەیوەندییەدا کەمتر دەبێ و هەڵوێستەکان عەقڵانی دەبنەوە.

دوکتور "علی موقەدە" ئاماژەی پێ دەکا کە بەشێکی زۆر لە لاوان تەنیا بۆ تێرکرنی وارسکەی جنسی ژیانی هاوبەش پێك دێنن کە پاش ماوەیەك ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییە جنسیەکان هۆکارێکیان بۆ درێژەدان بە ژیان نامێنێ گیرو گرفت و کێشەکانی بنەماڵەی دەست پێ دەکەن، ناوبراو بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە دەڵێ:( بردنە سەری ئاستی وشیاری و ئاگای و رۆشنبیری لاوان بۆ دەرك کردنی واقعیەتەکانی ژیانیان کاریگەری ریشەیی هەیە).

سەرهەڵدانی ئەو قەیرانانە دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمی پەروەردەی کۆمەڵگاکەمان، واتە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم بابەتە لە تەمەنی لاویەتیدا بە هەموو لایەنەکانیانەوە قەدەغە دەکرێن، بیرکردنەوە لە رەگەزی بەرامبەر وارسکەی جنسی، لە عیشق، تەنانەت لە ئەوینداری و خۆشەویستی و...، بە بیرکردنەوەی ناپاکانە لە قەڵەم دەدرێن و نابێ لێیان نزیك بینەوە، دنیاو ئاخێرەت خراپ دەکا، ئابڕوی بنەماڵەیی و تایفەیی دەبا، ئەگەر خۆمانی لێ بدزینەوە بەڵام چ خەڵاتێك بۆ ژنان دیاری کراوە، ئەو بابەتانە ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسیەوە، بەم جۆرە دنیای عیشق، وارسکەی جنسی و تەنانەت خۆشەویستیش خراونەتە کەناروو ژێر زەمینی ماڵانەوە، هەر بۆیە دڕدۆنگی، دوو کەسێتی، ترس، کەم روویی، بێ باوەڕی، جەنایەتی جۆراوجۆر یەخەی کۆمەڵگاکەمانی گرتووە و هەر ڕۆژ توێژێك بەرەو لێوارەکانی هەڵدێر دەڕۆن. بەڵام بۆ چارەسەری ئەم دەردە کوشەندەیە کە وەك شێر پەنجە کۆمەڵگای لە مەترشی خستووە دەبێ زۆر زانستی و لۆژیکیانە پلان و بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ، نابێ چاوەڕێی بین بۆ قەیرانێ کە چەندین سەدە کاری لە سەر کراوە ڕێگا چارەیەکی یەك شەوە ببینینەوە، کە گەورەکانمان وەکوو دایك و باوك لە پێش هەموو کەس دا

تا باس لە کێشەکان دێنە پێشەوە یا هەڵدەکوتنە سەر لایەنی بەرامبەر یا زوو خۆیانی لێ دەدزنەوە و خۆیان دەبەنەوەیەك و لە واقعیەت گەلێك کە هیچ نا ئاسایی نین دەترسن، هەرچەند کە خۆشیان هۆکارەکەی نازانن، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی قوتابخانە، بەرپرسە پەروەردەییەکانی دیکە بۆ خۆیان لە چارەسەری ئەو کێشانە نادەن؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هیچ وەڵامێکیان پێ نەدراوەتەوە.

تەنانەت دەرونناسانی کۆمەڵگاکەمان لە هێنانەگۆرێی ئەو پرسیارانە دەترسن، ئەوان دەتوانن پێشنیار بکەن دەتوانن بنووسن، دەتوانن ڕابگەیەنن، دەتوانن... ئەرکی سەر شانیانە، ئەرکی سەرشانی نیزام و حکومەتەکانە کە بە کردنەوەی سنووری سانسۆرە نا عەقلانیەکان، بە عەلمانی کردنی نیزامی پەروەردە و فێرکردن، بە کردنەوەو بایەخ دان بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی بە تایبەت دەروونناسی کۆمەڵایەتی و خەسارناسی کۆمەڵگا. بۆ چارەسەری ئەم گرفتە هەنگاو بنێن، ئەو قەیرانە گەورەیە کە دەکرێ بە خێزگەی قەیرانەکانی کۆمەڵگایی نێو بەرین تا ئێستا زۆر بێ بایەخانە سەیری کراوە، لێکۆڵینەوە گەلێکە زانستی و ئوسوڵی لێ نەکراوە و ئەوەش کراوە ساکارو ڕوبەری بووە کە یارمەتیەکی ئەو تۆی بە چارەسەری ئەو کێشەیە نەداوە، هیوادارم کە لە مەو بە دوا هەرکەسێ لە بەرامبەر کۆمەڵگاکەی و کێشەکانیدا خۆی بە بەپرس بزانێ و بۆ چارەسەریان لە عەقڵانیەت و زانست و لۆژێکی سەردەم کەڵك وەرگرێ تا کێشەکانمان بە دڵ ئاوەڵەیی‌یەوە بخەینە بەرباس و لێکۆلینەوە، چاوەڕوانیش لە گەورەکان هەیە کە دەرك بە کێشەکان بکەن و دڵسۆزانە پاڵپشتی چارەسەرییان بن.

**سەرچاوەکان:**

سایتی: www.syna.ir
سایتی: www.ghanoon-azade-tripod.com
سایتی: www.inroozha.com

■